کتێبی (ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز

لەگەڵ ڕستەی شوێنکەوتووی دیارخەری لە دیالیکتە ناوەندییەکانی زمانی کوردیدا و سینتاکس

غازي فاتح ويس

پێشەکی : (Introduction)

لەم سالأنەی دواییدا ، زانستی لینگویستك بەشێوەیەکی یەجگار خێرا پەرەی‌سەند . ئەم پەرەسەندنەش بەجۆرێك ڕوویدا کە هەرگیز لە مەزاری هیچ زانستێکدا ڕووی نەدابێ . تا ڕادەیەك باری ماتەماتیکی بەخۆیەوە نا . بەگوێرەی ئەو پەرەسەندە ، ئەگەر ئێستا بەراوردی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی زمانی کوردیمان کراوەو لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی کە لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا کراون بکەین ئەوە بێ‌گومان بەزەییمان بە زمانەکەماندا دێ کە چەند ؛ لە لایەکەوە بێ ناز ماوەتەوەو لە لایەکی کەوە چەند هەڵەو گۆڕانو زیادکردنو لێ کەم‌کردنی نابەجێی بەسەردا ئەهێنرێو هێنراوە .

زمان بە شێوەیەکی جوانو ڕێك‌وپێك دابەش‌کراوەو هەر بەشێکی لە ئاستی خۆی شی‌کراوەتەوە کە ئێستا ئێمە ئاگاداری نینو بگرە ماوەیەکی زۆری ئەوێ بگاتە ئێمە . چەندەیا توێری تازەو پوخت لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئەدۆزرێتەوەو کاری لەسەر ئەکرێو زمان پێی ئەگەشێتەوەو پایەی زانستی زمان لەناو زانستەکانی تردا پێی بەرز ئەبێتەوە .

تا ئێستا گرامەری کوردی لەنێوان گرامەری عەرەبیو ئینگلیزیدا گیرماوەوو گرامەر نووسەکانی کورد بەدیاریەوە دۆش داماوون . لە لایەکی کەوە گرامەری ڕووسیش هاتۆتە پاڵو ئەوا بوو بە سێ گرامەری بەخاوەنو گرامەرێکی بێ خاوەنو پەلەقاژێتی بۆئەوەی نەکەوێتە گۆماوێکی لێڵی قوڕاوییەوە . هەر شتێکیش ئەگەر خاوەنی هەبوو ئەوا گومانی تێدا نییە نازوخیو ئەوەی بێ خاوەنە هەر کزوسیس ئەمێنێتەوە . گرامەری کوردی ، چونکە لەسەر ئەساسی گرامەری زمانەکانی کەوە ئەنووسرێتەوەو باس‌ئەکرێ بۆیە وەکو کۆڵەکەیەکی بێ ئەساس هەمیشە لە ڕوخاندایەو دووبارە دائەمزرێتەوەو ئینجا ئەڕوخێتەوە .

جارێکی کە تائێستا ئەوانەی لە دەرەوە بە زمانو زمانەوانییەوە خۆیان خەرك‌کردووە هەوڵی ئەوەیان نەداوە بزانن ئایا گرامەری کوردی لە گرامەری کام زمانەوە نزیکەو لەگەڵیدا تۆزێك شان‌بەشان ئەڕوات ، بۆئەوەی بتوانرێ لە لایەکەوە سەری ڕێگەیەکی ڕاستو بەجێو ڕەوان بدۆزننەوەو بکەونە لێکۆڵینەوەی زمانەکەمانو ئینجا گرتنی ئەو ڕێچکەیە بۆ بنیات‌نانی گرامەری کوردی .

لە هەمان کاتدا مەرج‌نییە بۆ وێنە زمانی کوردی چونکە لە زمانی فارسییەوە نزیکە ئیتر یەك شێوە گرامەریان هەبێ . هەر بۆ نموونەش دیالیکتی بادینیو سۆرانی لە هەندێ ڕووەوە لەیەك ناچن وە ئەمەش نابێتە هۆی ئەوە کە بووترێ بادینیو سۆرانی یەك زمان نینو بنەڕەتیان یەك نییە .

با بێینە سەر ئەوەی کە ئایا گرامەری عەرەبی شێوەکەی بۆ گرامەری کوردی ئەشێ . بۆ نموونە ئەگەر تەنیا سەیری ستراکچەری ڕستە بکەین لە زمانی عەرەبیداو بەراووردی لەگەڵ ستراکچەری ڕستەی زمانی کوردیدا بکەین ئەوا زۆر بەئاسانی بۆمان دەرئەکەوێ کە شێوەی شی‌کردنەوەو ستراکچەری ئەم دوو زمانە عاسمانەو ڕێسمانو ئەوەی زمانی عەرەبی بۆ کوردێکە ناشێ . ڕستە لە زمانی عەرەبیدا ئەبێتە ڕستەیەکی تەواو ئەگەر ئەو ڕستەیە بریتی بوو لە (مبتدأو خبر) وەیا لە ناوێك‌و ئاوەڵناوێك . بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەمە ناگونجێ . لە زمانی ئینگلیزیدا ڕستەیەك نابێتە ڕستەی تەواو ئەگەر فرمانی لەگەڵدە نەبێ . واتە ئەوەی بۆ عەرەبی ئەشێ بۆ زمانی کوردی ناشێ چونکە ڕستەی زمانەکەمان بەو شێوەیە دروست ناکرێت . ئەی ئەوەی ئینگلیزی ؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەڵێین : تا ڕادەیەك شێوەی شی‌کردنەوەی گرامەری ئینگلیزی لەگەڵ کوردیدا ئەشێ بەڵام هەمیسان تەنگ‌وچەڵەمەی فرمانمان تووش‌ئەبێ چونکە بۆ نموونە ئەگەر وترا :

منالەکە جوانە .

ئەوا ئەبێ فرمانی تێدا هەبێ ئینجا ئەبێتە ڕستەیەکی تەواو . وە ئایا (ە) ئەبێتە فرمان یا نەء ؟ بەڵێ لەکۆنەوە وتراوە کە گوایە ئەم (ـە) یە فرمانێکی بێهێزە وەیا نیمچە فرمانە . بەلام نیمچە فرمانیش بەگوێرەی زانستی زمان شتێکی زۆر بەجێ نییە . ئەگەر بەگوێرەی وێنەی دایەگرامی سینتاکس بێ (وەیا لقوپۆپی درەختی سینتاکس بێ) (Tree Diagram) ئەوا ئەو ڕستەیە بەم جۆرەیە ئەبێ :

S Sentence

NP Noun Phrase.

P Verb Phrase

Art Article

Adj Adjective

لە ئینگلیزیدا ئەوا بە جوانیو ئەبێ فرمانەکەی تێدا هەبێ :

The Child is beautiful

بەلام لە عەرەبیدا بەبێ فرمانە :

الولدُ جميلٌ . گرنگ ئەوەیە ئێمە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا یا ئەگەر باسی گرامەری کوردیمان کرد نابێ پڕبەپڕ لاسایی گرامەری زمانێکی تایبەتی بکەینەوە بەلام گرنگ ئەوەیە سوودی لێ وەربگرینو بزانین تا چی ڕادەیەك تاقیکردنەوەی دانانی گرامەری کوردی قشەنگو پوخت دەرئەچێ . وە ئەگەر لەم ڕووەوە بدوێین ئەوا زور ئەخایەنیو زورتر لە باسەکەی خۆمان ئەچینە دەرەوە .

لێکۆڵینەوە :

زیاتر ئەم دوو سێ دێرە لە کتێبی (ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی . . . هتد)ی کاك ئیبراهیم عەزیز کە دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی بۆی لەچاپ داوە وای لێکردم ئەم وتارە بنوسمەوە . ئەم دوو سێ دێرەش ئەمانەی خوارەوەن :

(**وە هەروەها بۆ ئەوەش ، کە بەرێزان نووسەرانی ڕێزمان هاوکاریم بکەن لە دانانی ڕێزمانێکی زانستی تەواو بۆ زمانی کوردی ، کە ئەم کارە بەردی بناغەی سووچێکیەتی لەگەڵ بەردی بناغەی ئەوان تەلاری بەرزو قەشەنگی ڕێزمانی کوردی دروست بکرێت**) ل ٧ - ئینجا ئەلێ :

(. . . هەمو پرسیارەکانی سینتاکسو گراماتیکی زمانی کوردی چارەسەر بکەمو کتێبی گەورەی ڕێزمانی کوردی بنووسم بە فۆنەتیكو مرفۆلۆگیاو سینتاکسەوە . . . ل ٢٣)

پێش هەمو شتێك ئەبێ دان بەوەدا بنێم کە کاك ئیبراهیم لەگەڵ ئەوکتێبەدا زۆر ماندووبووە ، هەر نەبێ بە درێژای (٤) ساڵ خۆی پێوە خەریككردووە بۆئەوەی شەهادەی (کاندایدات)ی پێ وەربگرێ (Candidate) و ئینجا هەرنەبێ بە دوو مانگیش وەریگێراوەتە سەر کوردی ئەمەش کارێکی ئاسان نیەو مەگەر هەر ئەو توانێبێتی بیکات .

یەکەم ئەگەر خۆی بتوانێ هەموو لایەنەکانی زمانی کوردی زیندووبکاتەوە (وەکو خۆی ئەلێ) و بینووسێتەوە ئیتر هاریکاری ئێمەی بۆ چیە ؟ . بەلام بەداخەوە ئەگەر ئەو شارەزاییەکی تەواوی دەربارەی فۆنەتیك وەیا فۆنۆلۆژی وەیا فۆلۆژی هەبوایە نەیدەگووت :

(لێرەشدا لە لاپەڕە (٢٢ ، ٢٣) لەبارەی (ی)قسەی کردووەو دەڵێت (مەبەستی نامەی دوکتۆرای کاك وریاو کاك وریا خۆیەتی ئەم (ی)بە مۆرفیمە» ئینجا ئەڵێ : (بەڵێ ڕاستە مۆرفیمە گەر باس باسی فۆنۆتێك بێت بەڵام گەر باس هاتە سەر سینتاکس ئەم (ی) یە بە مۆرفیم ناهێتە باسکردن . . . ل ٢٢)

بەلام (ی) ، ئەگەر فۆنیم بێت وەیا مۆرفیم ، ناکەوێتە سنووری فۆنەتیکەوە کەوا کاك ئیبراهیم ئەڵێ . چونکە فۆنەتیك زانستێکە لە چۆنیەتی دروستبوونی دەنگ ئەکۆڵێتەوەو دەیان جیهازی ووردو نایابو بەکەڵك بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە .

وە ئەگەر (ی) مۆرفیم بێ ئەوا ئەکەوێتە ناو سنووری مۆرفۆلۆژییەوە (Morphology) وەئەگەر فۆنیم بێت ئەوا ئەکەوێتە ناو سنووری فۆنۆلوژیەوە (Phonology) وە ئەگەر دەربارەی چۆنیەتی دروستبوونی (ی) بێت لەناو دەمو قورگدا ئەوا ئەکەوێتە ناو سنووری فۆنەتیکەوە (Phonetics) . کاك وریا مەبەستی لە مۆرفۆلوژیو سینتاکسە بە تێکرا . وە نامەی دوکتۆر ییەکەی کاك وریا کە کاك ئیبراهیم ناوی بردووە ئەتوانرێ بکرێ بە بەردی بناغەی سینتاکس بۆ زمانی کوردی وە ئەوە نییە کە کاك ئیبراهیم ئەڵێ :

(لەبەر ئەوە کارەکەی کاك وریا تارێکی سەرپێیە لەعاست سینتاکسی زمانی کوردیەوە) ئەم هەڵوێستەش وابزانم ئەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ڕەنگێ کاك ئیبراهیم یا باش نامەی دوکتۆراکەی کاك وریای نەخوێندبێتەوە وەیا لەبەر باش‌نەبوونی ئینگلیزیەکەی بێ . بەلام کاکی ناوبراو سەرچاوەی ئینگلیزی زۆر بەکارهێناوە چونکە لە کتێبەکەیدا دیارە .

وەیا بە بەراوردکردنی ئەو نامەیە لەگەڵ سەرچاوە ڕوسیەکاندا وای لێ کردبێ ئەمەی کاك وریای لەبەر چاو بکەوێ . بەلام نامەی دوکتۆرای کاك وریا من بەباشی خوێندومەتەوە ئەو کاتەی لە لەندەن قوتابی بووم ئەوە نیە بریاری وای لەسەر بدرێ کە گوایە سەرپێیو ناتەواو بێ چونکە بەڕاستی پڕ بە پێستی زمانی کوردییەو لەسەر ئەساسی تیۆرەکانی لینگوستیکە . وەئەم نامەیە لە ساڵی ١٩٧٩ دا پێشکەش بە زانستگای لەندەن کراوە نەك لەساڵی ١٩٧٦ دا وەکو کاك ئیبراهیم ئەڵێ . سەرەرای ئەمەش کاك ئیبراهیم ناتوانێ دەربارەی هەمو لایەنەکانی زمان بنوسێتەوە بۆئەوەی وەکو خۆی ئەڵێ ڕێزمانی کوردی دروستبکات وە ڕێزمان دروست ناکرێت بەڵکو ئەنووسرێتەوە .

وە هەرگیز ڕێگای نادرێتێ باسی فۆنەتیك بکات چونکە فۆنەتیکس لە سینتاکسەوە دوورەو فۆنەتیکیش بە بەشێکی لینگویستك دانانرێ بەڵکو بە بەشێکی سەربەخۆ لەقەڵەم ئەدرێ . سەرەرای ئەمەش چونکە وەکو لەپێشەوە باسمان کرد جارێ دەستی نەداوەتە فۆنەتیك نووسینەوەو بە چەوتی یەکەم وشەی دەربارەی نووسیەوە .

کاك ئیبراهیم هەر بەمەوە نەوەستاوە کە کارەکەی کاك وریای بە سەرپێی داوەتە قەڵەم بەڵکو هەرچی هەیەو نیەو دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسراوەتەوە لەوپەری هیچەوە دەری‌کردووە . وە نابێ هیچ دەزگای بڵاوکردنەوەیەکی کوردی بریاری لەچاپدانی کارێکی وا بدات ئەمەش نەك لەبەر ئەوەیە کە نووسینەوەی زمانەوانەکانی بە پووچ داوەتە قەڵەم بەڵکو کتێبەکە زور دوورە لە زانستی زمانەوە چونکە تەنیا ڕیزکردنی شیعرو پەخشانەو هیچی کەو ئەبوایە وەکو کتێبێکی ئەدەبی دەربچووبایە . وە هۆی نووسینەوەی ئەم وتارە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی لە هەڵەی زمانەوانی چونکە هەڵەی ئەدەبی بەشێوەیەکی ساکار ئەڕوات بەلام هەڵەی زمانەوانی ئەبێتە هۆی گرتنی ڕێگایەکی چەوت هەتا هەتایە .

ئینجا دەربارەی خۆیو کتێبەکەی خۆی ئەدوێو ئەڵێ :

لەمە زیاتر لە کارەکەی خۆم نادوێم . . . . تا ئێستا لە دوو ڕۆژنامە لەسەر کارەکەم دواون وەکو ڕۆژنامەی (التآخی) . . . و ڕۆژنامەی (العیراق) .

(زانایانیش وەکو ك – ك کوردییف ، چ خ بەکایف لەسەر کارەکەم بەباشی دواوون . . .) لەم دوو ڕۆژنامەدا کە لە بنەرەتدا یەك ڕۆژنامەن چونکە (العیراق) ڕۆژنامەی (التآخی) کۆنەو تەنیا ئەوەی نووسیووە کە کاك ئیبراهیم شەهادەی (کاندیدات)ی وەرگرتووەو ناونیشانی نامەی کاندیداتەکەی بڵاوکردۆتەوە . ئەی کامە هەڵسەنگاندنەکەیە ؟

لە لایەکی کەوە ئەم کتێبە دووبارەکردنەوەی کتێبی (هەندێ ئامرازی سینتاکس لە زمانی ئەدەبی ئیمرۆی کوردیدا)ی پێشووە .

ئەگەر خوێنەری بەڕێز سەیرێکی ئەم دوو کتێبە بکات ئەوا زۆر بەئاسانی بۆی دەرئەکەوێ کە تا چی ڕادەیەك لەیەك قاڵبدا داڕێژراونو لەسەر یەك مەوزوع ئەدوێن . ئەگەر بۆ نموونە سەیری لاپەرە (٧ – ٣١)ی ئەم کتێبە بکەینو

بەراووردی لەگەڵ لاپەرە (٧ –٢٠)ی کتێبەکەی پێشوویدا بکەین ئەوا زۆر جوان ئەم ڕاستیەمان بۆ دەرئەکەوێ . وە تەنیا چەند لاپەرێکی زیادکردووە بە باسکردنی کارەکەی کاك وریاو شتی دووبارەی کە .

با بێینە سەر ئەوەی چۆن ئەم کتێبە باسی سینتاکس نییەو بەڵکو باسی کۆکردنەوەی شیعرو پەخشانە .

سینتاکس بەشێکی زانستی لینگویستکەو لە ریزکردنی ووشە ئەدوێ بۆ دروستکردنی ڕستەی تەواو ودەرخستنی پێوەندی کەرەسەکانی ناو ڕستە . بەگوێرەی یاسای سینتاکس بێ ئەوا ئەو کتێبە چەواشەیەو تەنیا بریتییە لە دێری شیعرو پەخشان بێئەوەی بزانێ کەرەسەکانی ڕستەکان کامیان لەیەکەوە نزیکن‌و کامیان پێوەندی پتەوی بەوی کەوە هەیەو بە گۆڕانیان چی لە واتا ئەگۆڕێ .

بۆ نموونە ئەگەر لە لاپەرە (٣٥)ی ئەو کتێبەوە پیا بڕۆین تا ئەگاتە کۆتای ئەو کتێبە ئەوا بە دەگمەن شیکردنەوەی زمانەوانیان بەرچاو ئەکەوێ وە ئەگەر بشبێ ئەوا مەبەستی تەواوو ڕوون دەرناخەن . بۆ نموونە لە لاپەرە (٣٦)دا ئەلێ :

– **موبتەدا ناوی هەیە :**

– **چیمەن ، کە سەوزەی نەوخیزی ناوە بەلَقەی فتبۆڵ پێ‌پەست کراوە .**

ب موبتەدا ڕاناوی جودایە :

بۆ نموونە :

– **من ، کە لە شیعردا ناگەمە ئەوان هاوار ئەبەمە بارەگای یەزدان .**

بێئەوەی بلێ کامەیە موبتەداو کامەن کەرەسەی بنەرەتی وەیا پێوەندی نێوانیان چیە . سەرەرای هەمو شت (مبتدأ)ی عەرەبی لە گرامەری عەرەبیەوە وەرگرتووەو تێکەلاوی گرامەری ئەو زمانەکانی کەی کردووە . ئەمەش نەك تەنیا نموونەیەك بێت‌و بەس بەڵکو مەسەلەکەی تێکەلاو کردووە بەشێوەیەکی واکە هەرگیز شی‌نەکرێتەوە . بەگوێرەی ئەم کتێبە بێت ئەوا گرامەری زمانی کوردی قوری بەسەرو لە هەرەس هێناندایە .

لەکۆتاییدا کاك ئیبراهیم ئەیەوێ ڕێزمانی کوردی دابنێ بەڵام ئەو کتێبە پرە لە هەڵەی ڕێزمانی فەرمو با سەیری ئەم دوو سێ ڕیزە ڕستەیە بکەین :

(منیش ، کە خاوەنی ئەم کارەم ، کە بابەتێکە لە بابەتەکانی سینتاکس . . . .ل ٢٢)

کوا فرمانەکە ؟ ئایا دارشتنێکی تەواوو مەبەست ئەبەخشێ ؟ چونکە نوقتەی داناوەو کۆتای بە ڕستەکە هێناوە .

وەیا : (لە لایەکی تر بابەخێك وەیان پەیوەندیکی ڕاست‌و پتەو بۆ خۆی وەدەست‌دەنێ‌و دەکێشێ نەك تەنها لەرووی تیوری‌و بەس ، بەڵکو لەرووی کرداریشەوە)

ئەبێ بووترێ .

(لە لایەکی ترەوە . . .) ئینجا بایەخ ئەدرێ نەك وەدەست ئەهێنرێ‌و یەکسەر بیخاتە سەر ووشەی پەیوەندیەك .

ئینجا بەگوێرەی ناوی کتێبەکە بێت ئەبێ باس زیاد لەیەك دیالیکت بکات چونکە ئەڵێت دیالیکتە ناوەندیەکان ئەبێ ناوەندی چەند دیالێکتی تێدا هەبێ‌و بۆ دەستنیشان نەکراون ؟

لەدوایدا سوپاسی کاك ئیبراهیم ئەکەم ونابێ دڵگیر بێت وەیا با بە عاتیفەو بەکتر ناسین‌و شەهادە زمانەکەمان لێ نەرەنجێ‌و لەکیسمان بچی‌و نرخی زانست‌و زانیاری بە ئاوا نەدەین .

● سەیری ئەم کتێبانە بکە :

A. R. Huddlestun (1979) (An Introduction to English Transformation Syntax)

B. Charles .F. Hockett – (1973) . Acourse in Modern Linguistecs.

C. H. Sommerstein (1977) . Modern Phonology.

D. P. Ladefoged (1975) . A Course in Phoretics.

E. N. Smith and D. Wilson (1979) Modern Linguistics.

F. Hyman . (1975) Phonologhy Theory and Analyspis.

G. Penguin Modern Linguistics Readings.

Syntactic Theory (1) Structuralist (1972)

١ – بروانە :
The Crgative Construction in Kurdish.
کە لەلایەن (Theoder Bynon) ەو نووسراوەتەوەو لە (Buuetin of the School of oriental and African Studies, University of London, VOL , XLII , Part 2, 1979) دا بلاوکراوەتەوە .

٢ – ئەو نامەیە بۆ شەهادەنامەی دوکتۆری نووسرایەوەو پێشکەش‌کرا بەلاَم لەبەر چەند هۆیەك بۆ ئەم مەبەستە وەرنەگیراو کرا بە M.Phil بەلاَم لە لایەن دەزگای زانستگای لەندنەوە بەشێوەیەکی رەسمی ڕاگەیەنرا کە شەهادەی لەوە بەرزتر زانستگابە کەسی نادات .